# گفتوگۆ ومشتومڕ مەکەن سەبارەت بە قورئان چونکە گفتوگۆکردن سەبارەت بە قورئان کوفرە

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «گفتوگۆ (ومشتومڕ مەکەن سەبارەت بە قورئان چونکە گفتوگۆکردن سەبارەت بە قورئان کوفرە (بێباوەڕ بوونە».

[صەحیحە] [ئەبو داودی ئەلطەیالسی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە گفتوگۆکردن سەبارەت بە قورئان چونکە هۆکارە بەرەو کوفر؛ چونکە لەوەیە مرۆڤ ئایەتێک یان وشەیەک ببیستێت وئەو لەبەری نەبێت یان نەیبستبێت وزانیاری سەبارەتی نەبێت، وئەمە وا دەکات کە خوێنەری قورئانەکە بە هەڵە دابنێت وبڵێت ئەمەی ئەو دەیخوێنێت لە قورئان نییە، یان گفتوگۆ بکات لە سەر مانای ئایەتێک کە هیچ زانیاری سەبارەتی نییە وئەمیش دەبێتە هۆی گومڕا بوونی، وگفتوگۆکردن لەوەیە ببێتە هۆی ئەوەی لە هەق دوور بکەوێتەوە ئەگەرچیش لە لایەکەوە هەقی بۆ دەربکەوێت، بۆیە مشتومڕ وگفتوگۆ کردن سەبارەت بە قورئان حەرامکراوە؛ چونکە لەوەیە ببێتە هۆی تووشبوون بە کوفر، وهەرکاتێک مرۆڤ دوور بوو لە گفتوگۆ کردن ئەوا لێرەدا ئاساییە ودروستە، وەکو بۆ نمونە پرسیار کردن بۆ ئەوەی فێر بێت یان بۆ ئەوەی هەقی بۆ ڕوون ببێتەوە بەڵام ئەوە گفتوگۆی بێ سوود وبێ سەرەنجامە کە حەرامکراوە هەروەکو پێشووتر باسکرا، خوای گەورە دەفەرموێت: {ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ وَجُٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ}[النحل: 125]، واتە:{خەڵکی بانگ بکە بۆ ڕێبازی پەروەردگارت بە دانایی وبە ئامۆژگاری جوان وچاک وشیرین و لەگەڵیان بدوێ (گفتوگۆ وموجادەلە بکە) بە چاکترین شێوە بێگومان پەروەردگارت خۆی چاک دەزانێت بە ئەوانەی گومڕا بوون ولایانداوە لە ڕێگاکەی وهەر خۆشی زانایە بە ئەوانەی لەسەر ڕێگای ڕاستن}.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10854